زیاتر لە 7 هەزار تیرۆرستی داعش هووبووی لێپێچینەوە دەبنەوە: لەکۆبینەوەیەکی هەماڵاینە بۆپی یاسای نیشتمانی



ئەمرۆ یەک شەممە "عەلی زیا " جێگری بەڕێوبەری ناوەندی نیشیتیمانی بۆ هەریکاری دادوەری لە ئینجومەنی باڵای دادوەریی عیراق لەلەدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا کەدستی موتەبع کەوتووە، ڕایگەیاند : پێسی لەکۆبینەوەی چوپێ لەگەڵ ئۆو چەکدارانەی داعش کە لە سووریاوە گواستراونەتەوە بۆ عیراق لە لایەن دادگای لەکۆبینەوەی کەرخی یەکەمەوە دەستیپێکردووە و پێشبینی دەکرێت تەواوکردنی ئەم دێسیە لە نێوان چوار بۆ شش مانگ بخایەنێت.

ڕشیگەیاند : ئەم گروپە کە ژمارەیان لە نێوان حەوت هەزار بۆ هەشت هەزار کەس دەبێت و ڕۆگەزنامەی چل و دوو وڵاتی جیاوازیان هەگرتووە، لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی سەرکی ئینجومەنی دادوەریدا لەکۆبینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و بۆ ئەم مەبەستش تیمێکی شارەزا لە دادوەران و ئێندامانی داواکاری گشتی بۆ پشتگیریکردنی دادگای ناوبراو دابینکراون.

لەدرێژەی قسەکانیدا وتی : لەکۆبینەوە سەرەتاییەکان دەریانخستووە کە لە نێوان ئەم دەستگیرکراوانەدا سەرکردەی پلە باڵا و کەسانی زۆر مەترسیدار هەن کە تاوانگلاون لە تاوانکانی کەمکوژی دژی پێکهاتە جیاوازەکانی عیراق بەتایبەت خوشک و برایانی ئێزدی و هەروەها بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کاتی هەرش بەسەر ناوچەکاندا.

ئاماژەی بۆشکرد : کە پێسی لکێنەوە لە خاڵی سفرەوە دەستپێدەکات چونکە ئەم کەسانە لە ماوەی دەستبەسەربوونیان لە سووریا هیچ جۆرە لکێنەوەیەکی یاساییان لەگەڵ نەکراوە، بەڵام دادگا پشت بە بانکەکی زانیاری فراوان دەبەستێت کە سەرجەم وردەکارییەکانی تاوانکانی داعشی لە نێوان ساڵانی دوو هەزار و چواردە تا دوو هەزار و حەفدە تێدا تەمارکراوە.

لە کۆتاییدا قسەکانیدا وتیشی : سەرجەم دادگاییکردنەکان تەنها لە ژێر سایەی یاسا کارپێکراوەکانی عێراقدا دەبن و تاوەکو تاوانی هەکارە یاساییەکان تاوان نەبن و بڕیاری کۆتایی نەدرێت، هەروەک هیچ باسێک لە هادەستکردنەوەی ئەم تەمەتبارانە بە وڵاتەکانی خۆیان لە ئارادا نییە.